## باسی یەکەم

## پێڕەوی دەزگایی .. یاسایی (المنهج المؤسسي القانوني)

**دەروازە:**

ئەم پێڕەوە یەکێکە لە دێرینترین ئەو پێڕەوانەی بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان بەکار هێنراون . بەپێی ئەم پێڕەوە ، سیستەمی سیاسی بە هاومانای سیستەمی فەرمانڕەواییە، یاخود هی سەرجەمی دامودەزگاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی و شێوازەکانی مومارەسەکردنی دەسەڵات و سروشتی دەسەڵاتە. سیستەمی سیاسی ئەوەیە کە دەستوری دەوڵەت دەستنیشانی دەکات ،چ ئەگەر دەستورێکی عورفی بێت یان نوسراو .بەوەش لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەیەکی یاسای شکڵیدا قەتیس دەبێت و بایەخ دەدات بە پێناسەکردنی دەوڵەت و پایەکانی و شکڵەکەی (یەکخراوە یان فیدراڵی) ، شێوەی حکومەتەکەی (پاشایەتیە یان کۆماری) ، هەروەها جۆری حکومەتەکان بەپێی سروشتی پەیوەندیی نێوان سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمانی ، سەرۆکایەتی، ئەنجومەنی سەرۆکایەتی) ، لەگەڵ شێوازەکانی دەسەڵات وەرگرتن (پشتاوپست، دامەزراندن ، هەڵبژاردن) .

ئێستا ئەم پێڕەوە لەبەردەمی شەپۆلە هاوچەرخەکانی ناو کایەی سیاسەتی بەراوردکاریدا پاشەکشەی کردووە ،ئەوانەی زۆر بایەخنادەن بە لیکۆلینەوەی دەستوریانەی سیستەمی سیاسی ، ئەمەس بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بایەخی لێکۆلینەوەی یاسایی لە دامەزراوە سیاسیەکان . بەڵام هێشتا لایەنگری خۆی هەر ماوە ،بەتایبەتی لە بەشەکانی یاسای گشتیدا لە لقەکانی کۆلیجی یاسا،کە تا ئێستاش بە پلەی یەکەم لە دەروازەی دەستورەوە سیستەمە سیاسیەکان هەڵدەسەنگێنن . شایانی باسە مۆرکی دەستوری بەسەر بەشێکی زۆری نوسراوەکانی قوتابخانەی فەرەنسیدا زاڵە و لەوێوە لێکۆڵینەوە لە سیستەمی سیاسی دەکەن .رەنگە ئەوەش بگەرێتەوە بۆ بەهای بەرزی لێکۆڵینەوە یاساییەکان لە زانکۆکانی فەرەنسادا ،لەگەڵ ئاڵودەبوونی زۆری فەرەنسیەکان بە حوکمی یاساوەو خەریکبوونیان بە شتە ڕوون و دیاری کراوەکانەوە، وێڕای ئەوەی ئەوان یاسا بە مەسەلەیەک دادەنێن کە هەموان دەگرێتەوە ، بە پسپۆڕ و نا پسپۆڕەوە ، بەو سیفەتەی ئامرازێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.

### داواکراوی یەکەم

### دیوەکانی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەیی لە سیستەمی سیاسی (أوجه الدراسة المؤسسية للنظام السياسي)

ئەم لێکۆڵینەوەیە گەلێک لایەنی هەیە لە خوارەوە ئاماژە بۆ گەنگترینیان دەکەین:

**یەکەم/ ئامانجی دروستکردنی دامەزراوە:** بێگومان دامەزراوە سیاسیەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی گشتی یان تایبەت دروستدەکرێن،لەوانەیە دروستکردنی پەرلەمان بە ئامانجی ئەوە بێت کە نوێنەرانی گەل بتوانن بەژداری بکەن لە گرتنە دەستی جڵەوی فەرمانڕەوایی و دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵگە ، لەوانەشە بۆ ڕازیکردنی تاقمێکی دیاریکراو دروستبکرێت ، یاخود بۆ ئەوەی سیمایەکی دیموکراسیانە ببەخشرێت بە سیستەمێکی سیاسی وەها کە لەسەر بنەمای فەرمانڕەوایی کردنی تاک دابەمەزرێت.

**دووەم/ چۆنیەتی بەکارخستنی ئەندامان بۆ دامەزراوە:** لەناو دەوڵەتێکی دیاری کراودا ، شێوازەکانی بەکارخستنی ئەندام لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی تر دەگۆردرێت ، بگرە لە نێو هەمان دامەزراوەشدا ، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆردرێ هەرچۆنێک بێ شێوازەکانی وەرگرتنی ئەندام لەم چوار شێوازە تێناپەڕێت : هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو نا ڕاستەوخۆ، پشتاوپشت ، دامەزراندن . لەوانەیە دامەزراوە لە هەمانکاتدا زیاتر لە شێوازێک پەیرەو بکات .

**سێیەم/ پێکهاتەی دامەزراوەکە:** واتە ئەو یەکە جیاجیایانەی لێیان پێکهاتوە . دەشێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن سەرۆکایەتی دەوڵەت و سەرۆکایەتی حکومەت و ئەنجومەتی وەزیران و وەزیران بگرێتەوە .لەوانەیە پەرلەمان لە یەک ئەنجومەن یان دوو ئەنجومەن پێکهاتبێ، هەر یەکێکیش لەو دوو ئەنجومەنە لەپاڵ بەشە ئیداری وتەکنیکییەکانیدا ، چەند لیژنەیەکی کاتی و هەمیشەیی هەبێت .

**چوارەم/ پەیوەندی دامەزراوەکە بە دامەزراوەکانی ترەوە:** ئەم خاڵە مەسەلەی هاوکاری نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جیبەجیکردن ، هەروەها مەسەلەی سەربەخۆیی و بێلایەنی دەسەڵاتی دادوەری دەگرێتەوە .

**پێنجەم/ تایبەتمەندێتییەکانی دامەزراوە بەو جۆرەی دەستوری دەوڵەت یان یاسای دامەزرێنەر دیاریان دەکات:** بۆ نمونە لەوانەیە دەستور قودرەتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری بدات بە سەرۆکی دوڵەت .

**شەشەم/ قورسایی ڕێژەیی دامەزراوەکان:** لەروی قەبارەی ئەو دەسەڵاتەی دەدرێت بە دامەزراوەکانەوە دەگۆڕێن . ڕەنگە لە سیستەمێکدا پەرلەمان بەهێزبێت لە سیستەمیکی تر پەرلەمان لاواز بێت ، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهێزبێت ، لەوانەشە لە سیستەمێکی سێهەم دا سەربازەکان کۆنترۆڵی وڵاتیان کردبێت . لە کایەی سیاسەتی بەراوردکاریدا ، لێکۆڵینەوەی زۆر دەربارەی دیاردەی کەمی و زۆریی هێزی دامەزراوەکانی ناو سیستەمی سیاسی بە ئەنجام دەگەیەنرێت ، ئەو لێکۆڵینەوانە دەریانخستووە کە هێزی پەرلەمان لەوەدایە سەنتەری میدیایی سیاسی بێت، هێزی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش لەوەدایە کە ئامرازەکانی تۆقاندن و سەرکوتکردن بۆخۆی قۆرغ بکات و بە لێهاتویی بتوانێت سامانەکانی بەردەستی بەکاربهێنێت بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی تاکەکان. هێزی دادگاکانیش لەسەر سومعەی پیاوانی داد و مەودای باڵکێشانی کەش و هەوای شەرعیەتی دەستوری ڕاوەستاوە.

**حەوتەم/ دابەشکردنی ڕۆڵ لەناو دامەزراوەکاندا:** هەموو دامەزراوەیەک کۆمەڵێک ئەندامی هەیە ، هەر یەکێکیشیان ڕۆڵی خۆی هەیە. ئەم ڕۆلانە یەکتری تەواو دەکەن ، وەگەرکەوتنی دامەزراوەکە لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو ڕۆڵانە دامەزراوە . جێگای سەرنجە ، بە نیسبەتی کاری دامەزراوەکەوە ، هەندێک لە ڕۆڵەکان بایەخێکی تایبەتیان هەیە ، وەک ڕۆڵی سەرۆک یان جێگری سەرۆك کە بە شێوەیەکی گشتی دەسەڵاتی بەسەر باقی ئەندامەکانی دیکەدا هەیە .

**هەشتەم/ گۆڕانکاری دامەزراوەیی:** هەموو دامەزراوەکان دوچاری گۆڕانکاری دەبن . ڕەنگە ئەو گۆراوە مانای پەرەسەندنی دامەزراوەکە بێت یان ڕوخاندنی یان ئاوێتەکردنی لە دامەزراوەیەکی دیکەدا ، یا دابەشبوونی بۆ دوو دامەزراوە یان زیاتر یاخود هەروەک خۆی بمێنێتەوە بەڵام ناوەکەی بگۆڕدریت و هەر هەمان وەزیفەی جارانی هەبێت . هەندێک ئەم دیاردەیە ناو دەنێن ئەندازەی دامەزراوەیی . هەموو دەوڵەتەکان ئەم گۆڕانکارییانە بەخۆیانەوە دەبینن ، گۆڕانکاریەکان بەشی زۆری یان هەندێک یاخود یەکێک لە بەشەکانی حکومەت دەگرنەوە . گۆڕانکاری ڕیشەیی و گشتگیر لە سیستەمی فەرمانڕەواییدا شتێکی باو نیە ، بە تەنها دوابەدوای شۆڕش کودێتایەکی سەربازی یاخود بەزینێکی سەربازی پشتشکین ئەو جۆرە گۆڕانکاریانە ڕوو دەدەن . لەوانەیە گۆڕانکاری دەزگایی دەرەنجامی پڕۆسەی پێگەیشتن یان پەرەسەندنی دامەزراوەکە بێت ،هەروەها لەوانەشە وەڵامدانەوەی فاکتەرە ئابووری یان ئابوری یان کەلتوریەکان بێت .

**نۆیەم/ سنوری کاریگەری دامەزراوەکان:** ئەو ڕۆڵەی دامەزراوە حکومیەکان دەیگێرن ، ڕۆڵێکی گەورەو گرنگە . لەکۆمەڵگەی نوێدا حکومەت بەهێزترین دامەزراوەیە . کاریگەری حکومەت درێژ دەبێتەوە بۆ بوارە جیاجاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ، دەبێت ئەوەش لەپێش چاو بگرین کە پانتایی و پلەی ئەو کاریگەرییە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە دەگۆردرێت .

## داواکراوی دووەم

## شێوازی ساموێڵ هانتینگتۆن بۆ دامەزراوەی یاسایی (إطار صمويل هنتجتون لقياس المؤسسية السياسية)

مەبەست لە دامەزراوەی یاسایی بوونی چەند دەزگایەکی کارایە کە برێکی بەرچاو بەها و سەقامگیرییان هەبێت،بەوەش بتوانن شەرعییەت بدەن بە خۆیان . بەڕای زۆرێک لە زانایانی سیاسەت، ئەمە کرۆکی پرۆسەی بیناکردنی دەوڵەتە، بگرە لە ڕووی سیاسییەوە، یەکێک جیاوازییە جەوهەرییەکانی نێوان کۆمەڵگای پێشکەوتوو و کۆمەڵگای دواکەوتوو ئەوەیە یەکەمیان دامەزراوەیەکی جێگیر فەرمانڕەوایی دەکات ، لەکاتێکدا تاکەکان فەرمانڕەوایی ئەوەی دووەم دەکەن. هانتینگتۆن بۆ پێوانی ئاستی دامەزراوە چوار پێوەری پێشنیارکردووە ئەمانەن :

**یەکەم/ سازان Adaptation:** واتە توانای دامەزراوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکاریە ژینگەییەکان، چ ئەگەر ناوەکی بن یا دەرەکی ، سازانیش لە گۆڕانی کەسەکان یان وەزیفەکاندا وێنا دەبێت . دەشێت ئەم توانایە بە بەکارهێنانی ئەم پێوەرانەی خوارەوە پێوانە بکرێت :

1- کاتە تەمەن Chronological age : هەتا تەمەنی دامەزراوە درێژتر بێت ، نیشانەی ئەوەیە توانای خۆ سازاندنی بەرزە . پێچەوانەکەشی بە پێچەوانەوە ڕاستە ، دامەزراوەی تەمەن درێژ لە دامەزراوەی تەمەن کورت توانای سازانی زیاترە.

**2-** نەوە تەمەن Chronological age : ئایا ئەو گۆڕانکاریانەی لە سەرکردایەتی باڵای دامەزراوەکەدا دەکرێن، گوزارشت لە گۆڕانکارییەکی نەوەیی دەکەن؟ واتە ئایا سەرکردایەتی بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە نەوەیەکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەیەکی تر؟ یان گۆڕانکاریەکان لەناو هەمان نەوەدا ڕوودەدەن.ئەو دامەزراوەیەی سەرکردایەتیەکەی بە شێوەیەکی هێمن وبەپێی ڕێساو ڕێوشوێنە بڕیارلەسەردراوەکان دەگوێزرێتەوە ، توانایەکی بەرزتری سازانی هەیە لەو دامەزراوەیەی تێیدا گوێزانەوەی سەرکردایەتی بە شێوەیەکی توند وتیژ وخوێناوی دەبێت.

3- گۆڕینی وەزیفی: ئایا دامەزراوەکە گۆڕانکاریی لە ئەرکە سەرەکیەکانیدا دەکات؟ چونکە ئەو دامەزراوەیەی گۆڕانکاریی لە وەزیفەکانیدا دەکات توانای سازانی زیاترە لەوەی ناتوانێت گۆڕانکاری بکات.

**دووەم/ ئاڵۆزیی Complexity :** ئاڵۆزی مانای ئەوەیە دامەزراوەکە زیاتر لە وەزیفەیەکی هەبێت ، هەروەها ژمارەیەك یەکەی ناوەکی لەخۆگرتبێت ، پاشان برێکی باشیش تایبەتمەندێتی هەبێت ، ئەم ئاڵۆزیە بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوە پێویستە ، چونکە ئەگەر دامەزراوە بتوانێت چەند وەزیفەیەکی جیاجیا ئەنجامبدات ، ئەوا ئەگەر بارودۆخ ناچاریکرد بۆ ماوەیەك ئەنجامدانی ئەم یان ئەو وەزیفەیە ڕابگرێت ، ئەو هەر دەتوانێت بەردەوام بێت.

هانتیگتۆن دوو پێوەر بەکاردەهێنێت بۆ پێوانەکردنی پلەی ئاڵۆزیی دامەزراوە:

1- پلەی فرەیی و هەمەچەشنی یەکەکانی دامەزراوە.

2- پلەی فرەیی و هەمەچەشنی وەزیفەکانی دامەزراوە.

**سێیەم/ سەربەخۆیی Autonomy:** دامەزراوەکە لە کارکردنیدا تا چ ڕادەیەک سەربەخۆیە خۆ بەخۆ کارەکانی دەکات . سەربەخۆیی بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەپێورێت :

1- بودجە : ئایە دامەزراوەکە بودجەیەکی سەربەخۆیی هەیە ؟ ئایا لە بەکارهێنانی بودجەکەیدا ئازادە؟

2- پڕکردنەوەی پۆستەکان: تا چ ئاستێک دامەزراوەکە لە بەکارخستنی ئەندامەکانیدا سەربەخۆیە؟

**چوارەم/ یەکانگیری Coherence:** واتە ئاستی ڕەزامەندی یان ڕیکەوتنی نێوان ئەندامان لە دامەزراوەکە . ئەمەش بەم پێوەرانەی خوارەوە پێوانە دەکرێن :

1- ئەندامان تا چ ڕادەیەک سەر بە دامەزراوەکەن .

2- بوونی باڵ و بارستە لە ناو دامەزراوەکەدا . بەتایبەت لە ساتەکانی گۆڕینی سەرکردایەتییەکەیدا.

3- بوونی ناكۆكی لە نێوان ئەندامانی دامەزراوەكەدا، ئایا ناكۆكیەكان پەیوەندیان بە پرەنسیپ و ئامانجەكانی دامەزراوەكەوە هەیە یان بە شتی لاوەكیەوە .

4-

## داواكراوی سێیەم

## هەڵسەنگاندنی پەیڕەوی دامەزراوەیی(أهم الإنتقادات الموجهة للمنهج)

نەیارەكانی ئەم پێڕەوە چەند ڕەخنەیەكیان لێگرتوە ،گرینگترینیان:

**یەكەم/** بە كەڵكی لێكۆڵینەوەی سیستەمەكانی فەرمانڕەوایی كۆمەڵگە بەراییەكان نایەت،ئەوانەی دامەزراوەی سیاسی نوێیان تێدا نیە.دامەزراوەی سیاسی نوێ بەرهەمی شارستانیەتی خۆرئاواییە ، مرۆڤی خۆرئاوایی دروستكەری دامەزراوەكانە مانای ئەمەش ئەوەیە كە شیكردنەوەی یاسایی سیستەمەكانی فەرمانڕەوایی تەنها بۆ ئەو دەوڵەتانە دەنگونجێت كە گەیشتونە ئاستێكی دیاریكراوی گەشەكردنی سیاسی. بەمەش بەهاو سوودی پێڕەوەكە كەم دەبێتەوە، بەتایبەتی لەڕووی بەراوردكردنی سیستەمەكانەوە بۆ بەدەستهێنانی گشتاندنەكان.

**دووەم/** پێویستە لێكۆڵینەوەی ڕاستەقینە و جدییانەی سیستەمی فەرمانڕەوایی ڕوكاری دامەزراوەیی یاسایی ببەزێنێت و هەوڵبدات بزانیت لە واقعدا سیستەم چۆن پێكدیت و چۆن كار دەكات . دیارە لێكۆڵینەوەی دەستوریانە خۆی لە خۆیدا مۆركیكی ستاتیكییانە (ڕاوەستاو)ی هەیە ، ناتوانیت دیدیكی واقیعیانە یان دینامیانە بۆ سیستەمی فەرمانڕەوایی بخاتە ڕوو. پیڕەویكی پەتی سنوردارە بە واتای ئەوەی تەركیز دەكاتە سەر خاسیەتە یاسایی یان دەستوریەكانی حكومەت ، پەتیشە بە مانای ئەوەی وەها مامەڵە لەگەڵ حكومەت دەكات كە شتیكی دابڕاو بێت لە ژینگە یان چوارچێوی كۆمەڵایەتی. شێوازی دامەزراوەیی وەسفی دامەزراوەكان دەكات بێ ئەوەی تەرزەكانی كارلێككردن لەناو هەر دامەزراوەیەكدا بە جیا لەگەڵ یەكتریشدا بپۆلینیت . ئەو گریمانە دەكات كە دەشیت بەراود لە نێوان دامەزراوەكانی فەرمانڕەواییدا بكرێت، ئەوانەی هەمان ناویان هەیە گەرچی كاركردی ڕاستەقینەیان لە كۆماڵگایەكەوە بۆ كۆمەڵگایەكی دی دەگۆڕێت .

**سێیەم/** میتۆدی دامەزراوەیی خۆی لەو ڕاستیە گێلدەكات كە ناشیت لە روی مادیەوە دامەزراوەكان لەو كەسانە جیا ببنەوە كە كاریان تیدا دەكەن . بۆیە وەها لێكۆڵینەوە لە دامەزراوەكان دەكات كە جیا لە ئەندامەكانیان بوونی سەربەخۆیی خۆیانییان هەبیت. ئەمە سادەكردنەوەی واقیعە، چونكە واتە هەر دامەزراوەیەك وەربگرین، دەبینین جگە لە چەند تاكێك كە بەپیی چوارچێوەیەكی دیاری كراو كار دەكەن شتێكی تر نیە . بۆیە كاتێك باسی پەرلەمان وەك

دامەزراوەیەك دەكەین،مەبەستمان لەو یاسادانەرانەیە كە ڕاسپێردراون چەند وەزیفەیەكی دیاری كراو بەجی بگەیەنن، دیارە پەرلەمان خاوەنی چەند سیمایەكی بونیادییە و وەزیفەی تایبەت بە خۆی هەیە بەڵام بایەخ و مانای پەرلەمان لە

ڕەفتاری ئەندامە یاسادانەر و سانسۆڕەكانییەوە وەردەگرێت. پەیوەندی نیوان دامەزراوە و ڕەفتار پەیوەندیەكی تەواوكەرە،جیاكردنەوەیان لە یەكتری ، شێواندنی واقیعە .